پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی حەوت شتی پێکردین، ونەهی لێکردین لە حەوت شت

لە بەرائی کوڕی عازبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی حەوت شتی پێکردین، ونەهی لێکردین لە حەوت شت: فەرمانی پێکردین: بە سەردانیکردنی نەخۆش، وشوێنکەوتنی جەنازە، وبە وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی دەپژمێت (بڵێیت -یرحمک الله- بە ئەو کەسەی دەپژمێت ودەڵێت -الحمد لله-)، وبە یارمەتیدانی خەڵکی بۆ جێبەجێکردنی سوێندەکانیان، وبە سەرخستنی ستەملێکراو، و وەڵامدانەوەی داوەتکردن، وبڵاوکردنەوەی سەلام، ونەهی لێکردین: لە پۆشینی ئەنگوستیلەی ئاڵتون، ولە (خواردن و) خواردنەوە لە (قاپ وقاچاغی) زیوین، ولە زینی ئاوریشم (میسەرە)، ولە (پۆشینی) قەسی (جۆرە جلێکە ئاوریشمیشی تێدایە)، ولە (پۆشینی) ئیستەبرەق (جۆرێکە پۆشاکێکە لە ئاوریشمی ئەستوور (دروستدەکرێت)، ولە (پۆشینی) دیباج (جۆرێکی پۆشاکێکە لە ئاوریشمی تەنک ونەرم دروستدەکرێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە مسوڵمانان کرد بە حەوت سیفەت وکردەوە ونەهی لێکردن لە حەوت شت؛ ئەو شتانەی فەرمانیپێکرد: یەکەم: سەردانیکردنی نەخۆش. دووەم: شوێنکەوتنی جەنازە وبەشداری کردن لە ئەنجامدانی نوێژ لەسەر مردوو وناشتنی، ونزا کردن بۆی. سێیەم: نزا کردن بۆ ئەو کەسەی پژمیوە وحەمد وستایشی الله ی کردووە، بەوەی پێی بڵێت: (یرحمك الله) واتە: (خودا ڕەحمت پێبکات). چوارەم: یارمەتیدانی بۆ جێبەجێکردنی سوێندی ئەو کەسەی سوێندی لەسەر شتێك خواردووە وباوەڕپێکردنی، واتا ئەگەر کەسێك سوێندی لەسەر بابەتێك خوارد ولە تواناتدا بوو یارمەتی بدەیت بۆئەوەی سوێندەکەی جێبەجێ بکات؛ ئەوا یارمەتی بدە بۆئەوەی ناچار نەبێت کەفارەت بدات لەسەر سوێندەکەی. پێنجەم: سەرخستنی ستەملێکراو، بە پاڵپشتیکردنی ودوورخستنەوەی ئەو ناڕەحەتیەی تووشی دەبێت لەلایەن ستەمکارەوە بەپێی توانا. شەشەم: وەڵامدانەوە داوەتی بۆ چێشت خواردن، وەکو وەلیمەی هاوسەرگیری، وعەقیقە (مەڕەمنداڵە)، وهاوشێوەکانیان. حەوتەم: بڵاوکردنەوەی سەلام کردن و وەڵامدانەوەی. وئەو شتانەی نەهی لێکردوون بریتین لە: یەکەم: پۆشینی ئەنگوستیلەی ئاڵتون وخۆڕازاندنەوە پێی. دووەم: خواردنەوە لە پەرداخ ودەوری زیوین. سێیەم: دانیشتن لەسەر میسەرە، ئەمیش ڕاخەرێکە لەسەر پشتی ئەسپ و وشتر دادەنرێت وەکو زین وایە ولە ئاوریشم دروست دەکرێت. چوارەم: پۆشینی ئەو جلەی لە کەتانی تێکەڵ بە ئاوریشم دروست دەکرێت کە پێی دەووترێت: (قەسی). پێنجەم: پۆشینی جلی ئاوریشم. شەشەم: پۆشینی ئیستەبرەق، واتا ئاوریشمی ئەستوور. شەشەم: پۆشینی دیباج، ئەمیش جۆرێکە لە جۆرەکانی ئاوریشم ولە نایابترینیانە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2944